# جێژنتان پیرۆزبێ و هەموو ڕۆژێکتان جێژن و خۆشی بێ

بەبۆنەی هاتنی نەورۆز جێژنی پیرۆز و تەنەوەییمان و پێ نانە ساڵێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکورد، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی گەرم پێشکەشی ئێوەی بەڕێز بینەرانی ماڵپەڕی سازمانی خەبات و سەرجەم ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نەتەوەکەمان لەهەر گۆشە و کەنارێکی ئەم جیهانە دەکەین و ساڵی نوێی کوردیتان لێ پیرۆز دەکەین، هیواداریین ساڵی نوێی 2704ی کوردی 1383 کۆچی خۆری، سەرەتای بە ئاوات و ئامانج گەیشتنی نەتەوەکەمان بێ و بەهار و نوێ بوونەوەی وەرز و ژیانەوەی سروشت، ببێتە مایەی ئاوەدانی و سەلەنوێ ژیانەوەی کوردستان لەژێر سێبەری دەسەڵاتی خۆیی و، نەجاتی بێ لەژێر هەوری ڕەشی داگیرکاری دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان.

نەورۆزی ئەمساڵ گەلێک لەبەر دڵانترە و خۆشی و شادی زیاتری پێوە دیارە، چوونکە لەلایێک ڕژیمی عێراق یەکێک لە دژمنەکانی گەلی کورد لەناوچووە، لەلایێکی دیکەوە ئاسۆی ئازادی بۆ گەلی کورد ڕوون و گەشترە و کێشەی کورد بۆتە باس و جێی سەرنجی جیهان.

نەورۆز کە نوێ بوونەوەی سروشتە و سەرلەنوێ ژیانەوە زەوی و سروشتی زەوییە، لەهەمان کات دا بۆ ئێمەی کورد لە کوردستان دا، ڕەمزی سەرکەوتن و ڕاپەڕینە و جێژنی گەورە و نەتەوەییمانە. بەو ئومێدەی لەساڵی داهاتوودا، خەڵکی ئێران بە ئازادی شاد بن و ئاسەوارێک لە ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی نەمێنێ و دیموکراسی و ئازادی لە ئێران دا جێگیربێ.

دووبارە پیرۆزبێ نەورۆز و ساڵی نوێ لەسەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و سەرجەم ئازادیخوازان

## جێژن و ساڵی نوێتان پیرۆز

## کۆمیتەی ئورووپای

## سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران

## (خەبات)

www.kurdistannet.org